کاک ئەنوەر سوڵتانی لە نووسراوەی"بۆکان لە مێژوودا" کە بە زنجیرە لە ماڵپەڕی بۆکاندا هەفتانە بڵاودەکرێتەوە لە زنجیرەی ژمارە 32 دا ئاوا باس لە چیرۆک نووسانی بۆکانی دەکات:
" لە بەشی 31ی ئەم زنجیرە یادداشتانەدا باسی نەمر حەسەن قزجی و کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدام کرد. جگە لە چیرۆکەکان و شوێنی رووداوەکان، نووسەر خۆی بەشێک لە مێژووی بۆکانە. بە هەمان شێوە، ژمارەیەک چیرۆکنووس لە بۆکان هەڵکەوتوون کە ئەوانیش خۆیان بەشێک لە مێژووی فەرهەنگی بۆکانن- چ بابەتی نووسراویان لە بۆکان روویدا بێت یان نا."

کاک ئەنوەر لە درێژەی باسەکەیدا ناوی 20 چیرۆک نووسی بۆکانی دەهێنێ کە بەرهەمیان بڵاو بوونەتەوە. باس و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو چیرۆکانە و چیرۆکنووسەکان رەنگە مەیدانێکی فراوان بێ بۆ پسپۆڕانی ئەم بوارە. ئەو چیرۆکەی کە لە خوارەوە دیخوێننەوە هەم چیرۆکە و هەمیش بەسەرهاتی راستەقینەی نووسەرەکەیە.

شوێنی رووداوەکەش بۆکانی 50 ساڵ بەر لە ئەمڕۆیە. پەیامی چیرۆک و نووسەرەکەش بۆ خەڵک و کۆمەڵگای ئەمڕۆی وڵاتی ئێمە رەنگە پەیامێکی جێگای بیرکردنەوە بێ.


بۆکان ساڵی 1330 (1951) وێنەگرسمایل خانی فەروخی

کۆمەڵێکی زۆر لە چیرۆکەکانی چیرۆکنووسانی بۆکانی بە ساڵانە لە لای من کۆبۆنەتەوە کە بە هۆی نەبوونی کات نەنووسراونەتەوە و نەگەیشتوونەتە خوێنەران، بەشکم لە داهاتوویەکی نزیکدا هەفتانە بتوانین وەک زنجیرەی"بۆکان لە مێژوودا" لە ماڵپەڕەکەدا بڵاویان کەینەوە. بەڵام با جارێ خەونی سەگە بەڕەڵا لە نووسینی چیرۆکنووسێکی بۆکانی بخوێنینەوە.

برایم فەرشی



# خەونی سەگە بەڕەڵایەک

هەموو شەوێ خەونم دەدیتن. خەونەکانم هەموو رەنگاورەنگی کاڵ و جاروباریش سپی و رەشی گەش بوون. سەرەتای هەموو خەونەکانم بە بەشداری زڕدایکم بوو. رووداوەکانی رۆژانەم دەبوونە خەونەکانی شەوانەم. تەنیا خەونە رەنگینەکانم لەبیر ماون. ئەوانەی لەبیریشم ماون وەکو هۆتێلی شارەگەورەکان بە پێنج ئەستێرە و چوار ئەستێرە و سێ ئەستێرۆک دابەش نەکراون. تەنیا 14 خەونم ستێرەدار بوون . ئەوەش یەک لەوانە:
لەخەونم دا زڕدایکم میری* دەمارگرژی* ماڵەکەمان بوو. ڕق و کینی کاڵ و نەکوڵیوی لەمن وەکو کورەی ئاسەنگران بەگڕ* بوو. باوکی سارد و سڕم لە ئاستیدا* دەست لەسەر سینگ، داخزیو و تاساو*، واقی وڕدەما. رۆژێک لەلایەن زڕدایکمەوە، بە تاوانی قریواندنی شێعرێکی مناڵانە و کۆخینی بە قەو دادگایی کرام.

زڕدایکم لە مەحکەمەکردنی مندا قانوونێکی بۆ دادگایی کردن و سزادانی من نەبوو. خۆی پۆلیسی قەزایی، داد ئەستێن، دادپرس و سەرۆکی دادگای ناوچەی ماڵی ئێمە بوو. هەر حوکمێکی دەیدا بێ پێداچوونەوەی دادگای ژوورو، بێ مۆڵەت و خواستی من بۆشکاندن یا پێداچوونەوەی حوکمەکە بە رێوە دەچوو. زڕدایکم لە سیاسەتزانێکی بە مشوور و بە تێبینی دەچوو. ئەو بە نیشانەی بێلایەنی خۆی و عادڵانە بوونی حوکمەکە و قانوونی بوونی کاری خۆی، بۆ بەرێوەبردنی حوکمەکە راستەوخۆ بەشداری نەدەکرد. باوکم لەلایەن زڕدایکمەوە، کرابووە سەرۆکی بێ جێگری دایرەی بەرێوەبردنی حوکمەکە. باوکم بۆ بەرێوەبردنی حوکمەکە زۆر جیددی بوو وەهەرگیز بەرتیل* و پارتی و گریان و پارانەوەی لە کەس قبووڵ نەدەکرد. ئەو پێی وابوو بەرێوەبردنی حوکمەکانی زڕدایکم بۆ ئاسایشی

گشتی و هیمنایەتی ماڵ و چاوترسێنکردنی دەروجیران لە پێنج وادە نوێژی رۆژانە و رۆژو و ئەرکی ئایینی واجبترە. چونکە خێروبێرێ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە قەرز و قوڵە و سووتانی تێدابەستە نەبوو.

تا زەردەپەرێ رۆژی گۆرین، حوکمی وام بۆ دەرنەچووبوو. زڕدایکی دڕ و باوکی بە دیسیپلینم بەر لە ماڵ نووستنان، لەو شەوە چاییگە پاییزییەدا کە زستان جێی پێ لێژ کردبوو لەو ماڵە پڕلە رزق و پێخەفە گەرمەو پاشخانەی پڕ لە گیزەی سەماوەر، وەدەریان نام.

جێی حەوانەوەم نە بوو. سەرگەردان بۆجێخەف* و پێخەفێک* بە شارەدێی بۆکاندا کەوتمە گەران و پشکنین. شەو راشکا و لە گەران بۆ پەسیوێک* و وەنەوزدان* تێیدا،ماندوو بووم. کۆلانم هەموو راوکردن*. شارە دێیەک جێگەی بۆ کوریژگەیەک* نەبوو. دەرگایەک بۆ من نەکرایەوە. وادیار بوو منی کوریژگە لەو شارەدێیە دا جێم نەدەبۆوە. تەنانەت لە توونی حەمامیشدا رێ وجێیەکم دەستنەکەوت. ئەوسا حەمامی تیانە* بە کای کۆن دەگڕاو عەلی خاڵەناوە و تاژییەکەی بە ناوی هەڵۆخان حاکمی تونی حەمامی خەزێنەی قاسمئاغا بوون. ناچار بەرەو قەڵای سەردار چووم. لە کاولەکۆنی ترومپای قەڵادا سەگە بەرەڵڵایەک کە شەوانە لە دەلاقەکەیەوە خۆی تێدەکێشا، جێی خۆی خۆش کردبوو. ئەو شەوە جێ خەفی ئەو سەگەم بە حوکمی خۆم وبە لاساییکردنەوە لە زردایکم دوژمنانە داگیرکرد.

شەو تا بەرەبەیان خشتێکم نایە ژێر سەرم و لەجێی سەگەبەرەڵلا لێی پاڵکەوتم. سەرمای گورچووبر، خەونە رەنگین و بێرەنگەکانی شەوانی زووی لەبیربردمەوە. تا بەرەبەیان ئەستێرەم بژاردن. یەکی گەش، دوانی گەش، سێ و چوار، هەشت و نۆ، دە وچاردەی گەش. دەلاقەکە پچووک بووو لە سیلەی چاوی منەوە لە چاردە ئەستێرە زیاترم بۆ نەدەبیندرا. رێک بە رادەی ساڵەکانی تەمەنم ئەستێرەم بژاردن.

شەو داکشا و ئەستێرەکان بە جریوە جریو کشانە ژێر تۆری زێوینی بەرەبەیان و لەچاوان بزر بوون. لەو کاتەدا منیش کونە سەگم بەجێهێشت و لەشی سڕ و رەقەوەبووم بەلەز بەرەو حەمامەکەی حەمەدەمین ئاغا رکێش کرد. وەژوور کەوتم و جلکی خۆڵاوی و لاهەڵدراوم و بۆنی جێخەفی سەگەبەڕەڵلام لە لەشی سڕم داماڵین و خۆم بە هەڵم و گەرمای حەمامەکە ئەسپارد. ئۆخەی تینی حەمامی تیانە! ئاوی گەرم! هەڵمی لێڵ و بۆنی ئاوی پڕلەچڵک و دیمە شۆرە* و ئەسپۆن*! ئۆخەی!

دەمێک دواتر خەونەکانم بەدەم وەنەوزدانەوە بووژانەوە. ئەمجارەیان خەونی رەنگین و بریقەدارم دەدی. زڕدایکم راوی نابووم و بەرەو جێ خەفی سەگەبەرەڵلایەک چوو بووم. منیش ئەو سەگەم لە شوێنی حەوانەوەی دەرپەراندبوو.

هەتاوی کەسیرە بوو خۆی دەرخستبوو کە لە حەمامەکە وەدەر کەوتم. پارەیەکم نەبوو کە بیخەمە بەر دەمی حەمامچی. چاوم لە چاوی حەمامچی بڕی و پێم گوت: پارەکەم بزر کردووە و جارێکی دیکە دەیهێنم.

لەو کاتەوە باری تاوانی وەدەرنانی ئەو سەگە لە شوێنی حەسانەوەکەی بە شان وکۆڵ دەگێرم. جێیەک نییە لێی بنێژم. ئێستاش سەرەتای خەونەکانم وەکو شەوی خەوی 14ئەستێرە دەست پێدەکا : هەر کاتێ لە پێخەفەگەرم و نەرمەکەمدا دەنووم، تاوانەکەم لەگەڵم رادەزێ. من دەبێ بۆ خۆم و سەگەبەڕەڵلاکە و زردایکم وێکرا خەون ببینم. من تاوانبارم کە خەونەکانی سەگەبەڕەڵلایەکم تاراندووە.

ویژدانی ماندووم فێری حەسانەوە نییە. لە مەحکەمەکەی دا هەموو رۆژێ حوکم بە تاوانباریی من دەدرێ. لە حوکمەکەدا ئەو دێرە دەنووسرێ: تاوانبارم کە لە دەلاقەی کاولەکۆنەکەی ژێر قەڵاکەی سەرداری بۆکان، خۆم بەرەو پیلوی چاوی سەگەبەڕەڵلایەک رکێش کردووە و خەوم لەچاوی تاراندووە. لەبەر ئەوە بە دیتنی خەونی رەش و سپی، ئەو سەگەبەڕەڵلا بێ ناوونیشانە هەتا هەم مەحکوومم.
هەرچەند حاشام لێکردووە کە نایناسم بەلام وێنەی من لە رەشکێنەی چاوەکانی ئەودا قەتیس ماوە و ئێستاش بە نێو شارەکەدا دەگەرێ.

حەسەن ئەیوب زادە

**فەرهەنگۆک**

**میر** : پاشا، ئەمیر،
**دەمارگرژ**: تووڕە و تۆسن،
**بەگر**: سووتێنەر، بە تین و بڵێسەدار
**لە ئاستیدا** : لەبەرامبەریدا
**چاییگ** : سارد،
**بەرتیل**: ریشوەت، دەمچەورکردن.
**پەسیو**: پەنا و پەناگە، شوێنێکی کە بکرێ خۆی تێدا حەشار بدرێ،
**جێخەف**: جێی نووستن،
**پێخەف**: نوێن و بان ، لێفەو سەرین و دۆشەک،
**وەنەوزدان**: کورتە خەو، خەوبردنەوە و وەخەبەر هاتن ، خەو لەچاونیشتن وچۆرت لێدان،
**راوکردن**: پشکنین، گەران بە دوای کەسێک، شتێک یان بوونەوەرێکدا،
**کوریژگە**: مێرمندال، منالێکی لەخەم رەخسی بێ، کوڕێکی پچووک،
**حەمامی تیانە**: حەمامی خەزێنە، حەمامی تیان یان تیانە مەنجەڵێکی زۆر گەورە بوو کە لە ئۆدەیەکی گەورەدا بەجۆرێک بە بەرزاییەوە جێیان بۆ دروست دەکرد کە ئاورێکی زۆری لە بندا بگرێ. ئۆدەکەش تا نێوقەدی مرۆڤی ئاسایی ئاوی تێدەکرا. ئەو جۆرە حەمامە کانگای بڵاوبوونەوەی برینی وەکو کەچەڵی و نەخۆشی پێستی و سەتان نەخۆشی دیکە بوو.ئاوەکەی بە چەند حەوتوو جارێک بەتال دەکرا. کەسێک بە دایم لەو شوێنەی کە بە توونی حەمام نێودێر بوو، ئاوری ژێر مەنجەڵەکەی کە کای زەرد و کۆنی بێقیمەت بوو بۆ ئەوە بگەشێتەوە تێک وەردەدا.
**دیمەشۆرە**: ریشۆڵ، گزگلە گەچێک بوو بۆ هەڵدانی پڵیتە چڵک لە لەش کەڵکی لێوەردەگیرا.
**ئەسپۆن**: گیایەک بوو کە قەدیم بۆ شوتنی جل و بەرگ و لەش و مووی سەر کەڵکی لێوەردەگیرا.
**کەسیرە**: تەزیو، بە هۆی سەرماوە .